دیپلۆماسیەتی قەسریی تورکیا لە داعش و ریفراندۆمەوە، بۆ کودەتای دژی لاهور.. لاوان ع عەلیی – کامیار سابیر

لە دوای هەوشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوثمانیی و دروستبوونی تورکیا بەم جیۆگرافیا سیاسییەی ئێستایەوە، دەوڵەتی قووڵی تورکیا، هەمیشە کاری لەسەر ڕەهەندی پانتورکیی، هەندجار پانتۆرانیی و زۆرتریش لەسەر ناسیۆنالیزمی تورکیی ناو تورکیا، کردووە. لە دوای هاتنی حیزبەکەی ئەردۆغان بۆ دەسەڵات کە باکگراوندێکی ئیخوانیی-ئیسلامیی هەبوو، ئەم ڕوئییە سیاسییەی ئەردۆغان، بۆ ڕەهەندێکی فراوان گۆڕی کرد و ناسیۆنالیزمی نژادیی- تورکیی و هەژموونی دیینیی تێکەڵ کرد و ناسیۆنالیزمی دیینیی religious nationalism بە باکگراوندێکی ئیخوانیی و تەعەصوبی نژادیی و سوننییبونەوە، جێگەوت کرد. ئەم ناسیۆنالیزمە دیینییە(دروستتر بگوترێ ناسیۆنالیزمی طائیفیی)، حەنیینی بۆ ئیمجادی سوڵتانە عوثمانییەکان ئۆگەیەوە و خەونی بەوەوە ئەبیینی کە بەشێک لە جیۆگرافیا سیاسییەکەی جارانی وەکو فەرع، بە سەر کەتەرەی رزییوی عوثمانییەکان بگەڕێنتەوە.

لە سەرەتای دروستبوونی داعشەوە، دەوڵەتی قووڵی تورکیا، بە عەسکەر و ئیمنەوە، بە سیاسەت، بە موخابەرات و دیپلۆماسییەتەوە، تەنانەت لە ئاستی پۆپیولیزمی نژادییشدا، پاپشتیی سەرکەوتنی پرۆژەی داعشیان ئەکرد و هەرچی حیقدی طائیفیی و عوروبیی(نیسبەت بە سوننەکانی سوریا) و تورکیی(نیسبەت بە تورکمانەکانی سوریا) هەبوو بەسەر ڕژمە عەلەویەکەی ئەسەددا ڕشتیان و بە تەواویی کەوتنە کار بە سەرخستنی پرۆژەکەی داعش، کاتێکیش داعش پەلی کێشا بە عێراق، بە هەموو ئیمکانییاتی دەوڵەتی تورکیا و بە هاوکاریی پرۆکسییەکانی خۆی(حەشدی کوردایەتییەکەی بارزانیی و بەعثییە عوروبییەکانی سوننەی عەرەب و تەعاظومی ماسوولکەی پانتورکییبوونەکانی تورکمانە سوننەکانی عێراق)، هاوکات لەگەڵ شێخەکانی خەلیجدا، لە هەوڵی ڕوخاندنی حکومەتی عێراق و دابەیینی ناوچە سوننییەکانی عێراقدا(عەرەبی سوننە و کورد) بوون. دەعمی عەسکەریی و لۆجیستیی و مەعنەویی تورکیا، لە ناردنی چەک و کردنەوەی سنووڕکان بە

بازرگانیی داعش و هەشتنەوەی قونصەخانەی تورکیا بە کراوەیی لە موصڵ بە ئاوەژووی شەرعییەت بدات بە داعش، دەستپێکرد. تاوانکانی داعش دژەهەق بە ئەزیدییەکانیش، بە تەنسیقی حەشدی کوردایەتیی و حەشدی ئێردۆغانیی و داعش بوو، بە واتایەکی فیکریی، ناسیۆنالیزمی دینیی-تورکیی-عەرەبیی-سوننیی- ئیخوانیی تێیدا بەشدار بوون.
کاتێ داعش، جەنیین(الجنین)ێ شەرعییەکەی ئێردۆغان و موخابەراتێ ئیقلیمیی و نەودەوڵەتییەکان لە باری عەسکەریی و ئەمنییەوە لە عێراق و لە سوریا، کەم تا زۆر شکستیان خوارد، بە هاوکاریی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبیی و هێزە کوردییەکانی کوردستانی سوریا(قەسەد) و هێزی پێشمەرگە. ئاوکات، تورکیا تێگەیشت کە خاوەنی گەمانەوەی ویلایەتی موصڵ و خورافاتی میساقی میللیی، لە لایەن ئەمریکا، ئەوروپا، روسیا، ئێران و وڵاتانی عەرەبیی و تەنانەت چاینەشەوە(چین)، نەک هەر مەرفوزە بەڵکو موستەحیلە لە گەڵ ئاوەڕووبەدات. دواتر کارتی ریفراندەمی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆگەی بارزانییەوە، بە گەیشتن بە نەوتی کەرکوک و غازی چەمچەماڵ، بە بەهێزکردنی پێگەی ئابووریی و سیاسیی تورکیا، بگرە خست. هەر زوو تێگەیشت ئەمەیشیانی بە ناچێتە سەر، هەر بۆیە بەدەنگیی لە ریفراندەم کرد، لە سەروبەندی ریفراندەمەکەشدا، بە سووکایەتییەوە کاوتە گاڵتەکردن بە بارزانیی، بەڵام نەچیرڤان بارزانیی، چونکە لە ئێردۆغانەوە نزیک بوو، هەر لەسەرەتاوە، لەگەڵ ریفراندەمدا نەبوو، بەڵام لە ترسی مامی، هەر لە ژێر لەوەوە، منگەمنگی ئەکرد.

دیپلۆماسییەتی قەسریی یان جەبریی(ئاوەژووی بە ئینگلیزیی پێیئەگوترێ کاوەسیڤ Coercive)، ئەکرێ بە کوردیی پێیبگوترێ دیپلۆماسییەت بە تەبزیی، لەباری ژوریەوە ئاوە ئاگەیەنت، دەوڵەتێک یان کیانێک، ئاجەندا سیاسیی و عەسکەریی، ئابووریی و کولتووریی‌کانی خۆی، وەکو ئەمری واقیع ئاسەپێنێت، بەئاوەژووی پەنا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی عەسکەریی بڕێت. ئەستا تورکیا ئایاوەت، میثاقی میللیی بە شێوە فەنتازیا دیپلۆماسییەکێ تەوظیف بکات، بە کەمترین بەکارهێنانی هێز، یان ئەصڵەن هەر هێز بەکار نەهێنێت. کودەتاکەی مامی تاڵەبانیی و ئیبراهیم ئەحمەد بە موبارەکێ و موبادەرێ و ماستەرماینەدی تورکیا و پارتیی و بەدەنگیی ئێران، ڕەک جەکەوتکردنی دیپلۆماسییەتی قەسریی تورکیایێ لە ناوچەکانی سلێمانیی و لەم ڕۆگەیشەوە، ئینقیلابیان بەسەر لاهوردا کرد. ڕاستێ شەهیدی ئینقیلابەکێ بە حەزی خاوەندارییەتیی بنەماڵەی تاڵەبانیی ئاگەتەوە کە بە دەسەڵات و پارەی دەیان میلیارد دۆلاریی، بەڵام فاکتەری ئیقلیمیی و لەکاییی(مامی بارزانیی)، فەرمانڕەوایی ثۆرایز

و پراکتیزەی ئەم ئینقیلابیان کرد و بەدەنگیی ئێرانیان(بە تەنازولاتە نەزانراوەکانی پارتیی بە ئێران) لەو قەناغەدا، مسۆگەر کرد و بە فیعلیی، لاهوریان لای کەم لەم دەخەدا لە دەسەلات، خست.

فراوانخوازیی و باڵابوونی هەژموونی تورکیا، مەترسییدارە. بە قەبارەی مەترسییەکانی داعش، بگرە تورکیا بە دیپلۆماسییەت و مرووناەت ئەیکات، لە کاتێکدا داعش بە سەربڕین و سەربیاکردنی ژنانەوە، ئەیکرد. دیپلۆماسییەتە قەسرییەکەی تورکیا ئەکرێ بگوترێ باشتر ئەچێتە ناو خەڵکەوە، بە تایبەتیی باکگراوندی سوننییبوون و ئیخوانییبوونی هەزە ئیسلامییەکانی کوردستانی عێراق و ئیمارەتی شێخنشینەکانی کورداپەتیی و حیقد و کەراهییەتی نەتەوەییەکانی کورد لە عەرەب و لە شیعە و لە عێراق، هەموویان موقەوماتی ئەم پاوانخوازییەی تورکیا، حەشدی ئەردەغانیی و دیپلۆماسییەتە قەسرییەکەین. داعش، بە زەبری هێز و فەنتازیای ئایدیاڵیزی، ئیویست عێراق و سوریا، هەبوونەتەوە و ئیمتیدادی عوثمانییەکان بەسەر شام و عێراقدا بسپێنێتەوە لە ژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامیی، دەی ئەستایش ئیخوانییەکان و قەومییەکانی کورد و زەرینەی رەهای ئەوانەی بە حیقدی طائیفیی و نەژادیی دوای مەهزەڵەی ریفراندەم و دەوڵەتی شاعیرانەی کوردیی کەوتن، پاسیڤانە و بە قەناعەتەوە، لایەنگریی لە دیپلۆماسییەتەکەی تورکیا ئەکەن و حەز ئەکەن رەژەک عێراق، لە خوونی ئەواندا، زووتر هەبوونەتەوە و سلەمانیی، گەرمیان و دەڤەری راپەڕین، بگرە بیرە نەوتەکانی کەرکوک و غازەکەی چەمچەماڵیش، وەکو هەولێر و دهۆک، بە ژێر دیپلۆماسییەتە قەسرییەکەی تورکیا و هەژموونە فراوانخوازییەکەی، لای کەم وەکو دیفاکتۆیەکی وەنەکراو، بگەنەنەوە.

سەرەنجام، تورکیا و ئەردەغان، کارتی داعش و ریفراندەمی بارزانییان، سوتا، ئێستا، پەنا بە ئەکتی سیاسیی تر ئەبەن و لە ڕەگەی دیپلۆماسییەت و هەڕەشە و عەمەلییاتی ئیرهابییەوە، ئیانەوە ناوچەکانی سلەمانیی و کەرکوکیش، بخەنە ژێر هەیمەنەی دەسەاتەکی لەکاییی و لەردەکی کورداپەتیی و والییەکی موطیع کە ئەجەندا ئابووریی، سیاسیی و ئەمنییەکانی تورکیا لەبەرچاو بگرێت. کودەتای ٨ی تەممووز دژی لاهوری هاوسەرەکی یەکەتیی، بەبێ گەپی سەوزی ئێران و بەدەنگبوونی ئێران و بگرە بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆ، جەکەوت نابوو، چونکە تورکیا و موخابەراتەکەی باش ئەزانن کە سەرکەشییەکی لەو جەرە، چوونە بن سنوورەکانی ئێرانەوە لە ناوچەکانی یەکەتییەوە، نەک هەر کەتاییهاتنی ماڵی تاڵبانیی بەدوادا دێت و

سەریان ئەخوات، بەکو رووبەووبوونەوەیەکی راستەوخۆی تورکیا ئەبێت لە دژی هەیمەنەی ئێران لە ناوچەکەدا.

بەدەستهێنانی ئێران و بە ناڕاستەوخۆ، بووە هۆکاری سەرکیی لە سەرگرتنی ئینقیلابەکەدا، هێزوهێزە ئۆگرێتیڤەکانی بە دەستهێنانی لاهور و کارە موخابەراتییەکانی رابردووی لۆگۆ ئەمریکیی و بریتانییەکاندا، بە تایبەتییش بە ئاو هەموو بەستێنانەی پارتیی بە ئێرانی داوە کە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ملهوڕیی نەکات و بەرژەوەندیی حەلیفەکانی ئێران لەبەر چاو بگرێت و ئاپۆزیسیۆنە کوردەکانی ئێرانیش، کەتوبەند بکات. هاوکات، نایەوێت ئاگزیی لە ناوچەکەدا دروست بێت لە کاتێکدا گفتوگۆی مەڵەفی نەوەویی زۆر بەلای ئێرانەوە گرنگە. بە دڵنیاییەوە، دوای ئاوای دەرکەوت کە پارتیی و حیلفی سوننیی و صەدر، بەهاوکاریی حکومەتەکەی کاظمیی، سوودیان لە بایکۆتکی گۆڕەو تەزویراتی ئەلیکترۆنیی کردووە و لە وڵاتانی ئیقلیمییەوە، ئینتیخاباتەکە، ئیدارە دراوە، ئێران تێگەیشتووە کە چۆن فێڵیان لێکردووە و تورکیا بە خشکەیی چۆن گەیشتووەتە سنووری کانی ئێران لە ناوچەکانی یەکێتییەوە؟ هەر ئەمەش کە مانەوەی لاهور دوای ئینقیلابەکە و گۆڕانەوەی بە ساحەی سیاسیی لە ئایندەی دوور یان نزیکدا، راستەوخۆ پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران و پلانەکانی ئایندەی ئێرانەوە، بە تایبەتییش، دروستبوونی حکومەتی ئایندەی عێراق و گفتوگۆی مەڵەفی نەوەویەوە، هەیە. بە واتایەکی تر، تەنانەت ئۆگار بە زەبری هێزی رەقیش، لاهور ئەمری واقیع بسەپێنێت و تەواوی ناوچەکانی یەکێتیی کونترۆڵ بکات، بەبێ موافەقەتی ئێران، ئاوە تورکیا و پارتیی، ئەکەونە وەزیاوە.

سەرکی دەسگای زانیاریی یەکێتیی کە کەسکی باکگراوند ئیسلامیی-ئیخوانییە و بۆ پارلمانتارەکی یەکگرتووە، هەر بە خۆایی نەهێنراوەتە پێشەوە و سەرە رمی ئینقیلابە بێت. بە پێچەوانەی ئاو زانیارییە هەوانەی بە مایکە ڕابین ئەدرێن گوایە بەرپرسی زانیاریی کەسکە لە ئێرانەوە نزیکە، بەڵێ ئێران بەدەنگیی لە کودەتاکە کردووە، ڕەک پێچەوانەکەی راستە کە سەر بە دەسگای موخابەراتی تورکیایە و سوود لەو باکگراوندە ئیخوانیی-ئیسلامییەی وەرگیراوە و ڕکوەوان، دەسگای زانیاریی یەکێتیی کە هەزکانی دژە تەرۆریش لە ژێر کونترۆڵی ئاودایە، پشکی سیاسیی، ئەمنیی و ئایدیۆلۆژیی تورکیا و حەشدی ئەردۆغانییە لەو ئینقیلابەدا. بە واتایەکی تر، ئێستا، تورکیا ئیدامە بە ئیدارەکردنی ئینقیلابەکە

ئەدات بۆ هاوکاریی پارتیی و هەموو ئەوانەی لە ناو یەکێتییدا، بەرژەوەندییان لەگەڵ بابووەنی هەژموونی تورکیادایە لە ناوچەکەدا. هاوکات، سەرکی دەسگای زانیاریی، دوو سەرە و سێ سەرە، ئیش ئەکات و ئەکرێ لە یەک کاتدا، بۆ بەرژەوەندیی تورکیا، ئێران، پارتیی و مالی تالەبانییش، ڕێ بگرێت.

جەکەوتبوونی ئەم ئینقیلابە بەسەر لاهوردا یان هەڵگەڕانەوەی ئەم ئینقیلابە بەسەر مالی تالەبانییدا، ڕەک پەوەندیی بەوەو هەیە کە تا چەند پارتیی، وەعدەکانی بۆ ئێران جەکەوت ئەکات و چەندیش ئێران و ئەمریکا لە مەلەفی ئەتەمییدا، ئەگەنە ڕەکەوتن یان نزیکبوونەوە؟ هاوکات، چەندیش پەکهەنانی حکومەتی عێراق بۆ خواستی ئێران ئەبێت؟ وەڵامای ئەوەی، ئێران، هەرگیز نایەوێت تورکیا و ئەجەندەکانی بەنە نزیک سنووورەکانی(لە سنووری یەکێتییەوە)، بەڵام مالی تالەبانییش ناتوانن ئەم گەمە و تەحالوفاتە ئاڵەسکاوانە، تا سەر ئیدارە بدەن و ڕەهی والییەکی چاو لە دەست و بەردەستی والییەکەی هەولێر بۆ تورکیا و فراوانخوازییەکانی، لە ڕەگەی پارتییەوە بگەن. هەموو ئەم فاکتەرانە، کات دەستنیشانیان ئەکات، وەڵامای ئەوەی گرووپەکەی لاهور لە باری ڕاگەیاندن و دیپلەماسییەتەوە، لاوازییان پەوە دیارە و نەیانتوانیوە، ئەبعادە سیاسیی، ئایدیالۆژیی و ئابووریییەکانی ئەم ئینقیلابە بۆ لایەنگرانی خەیان و بۆ خەڵکی کوردستان و تەنانەت بۆ موخابەراتی ئێرانیی، ئەمریکیی و عێراقییش ڕوون بکەنەوە، لە بەرامبەریشدا، لە ژێر کەمپەینکی گەورەی تەخویینکردندان کە مەدیای سەبەری پارتیی بۆ گشتیی و مالی تالەبانیی بۆ تایبەتیی، لەگەڵ هەموو ئەوانەی غەز و بەز، ڕەیع و نەفع بۆ مالی تالەبانیی و پارتییەوە، ئەیانبەستەتەوە، تا دەت ئەم تەخویین و تەوهینە، زیاتر و زیاتر ئەکەن. لە بەرامبەریشدا، گرووپی نزیک لە لاهور، نەیانتوانیوە، تەنانەت سایتەکی موعتەبەری مەدیاییش، دابنێن و بەرپەرچی تەخویینکانی پارتیی و مەدیا سەبەرەکانی پارتیی و مالی تالەبانیی، بدەنەوە و گوتارەکی پێچەوانە، سەرپە بخەن.

لاوان ع عەلیی –
کامیار سابیر

یەکێتی قومبەڵەی ژێر ماڵی کورد.. ئومێد محەمەد فەرەج

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەسەرەتای دروستبوونییەوە بەتەنها ئامانجێکی سەرەکی دروستبوو، ئەویش تێکدانی ناو ماڵی کوردبوو. هەربۆیە لەژێر سەرپەرشتی ئاستۆخێی وڵاتانی دووژمنی کورد دروستبوو وە لەدیمەشقی پایتەختی سوریای عەرەبی دروستبوو، کە سوریا یەکێکە لەم وڵاتانەی بەدوژمنی کورد هەژمار دەکرێت و ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە بۆ نەهێشتنی کورد، ئاسانترین ڕێگەش ئەویە کە ئامانجەکانی بۆ کوردە ناپاک و خەفرۆشکان بپێکێت، ئەوکاتیش لە جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد گونجاوتری نەدەزیەوە، تەبعەن ئەوەی ئەیەوێم بڵێ وڵاتانی عەڕاق و تورکیا و ئێرانیش ئاستە، ئەوانیش دوژمنی کوردن و بەردەوام هەوڵیان داوە بەدەستی کورد ناوماڵی کورد تێکبدەن. جا ئەگەر چاوەکی خێرا بگێڕینەوە بەمێژوودا دەبینین سەرەتای دروستبوونی یەکێتی بەسەرپەرشتی سوریا بوو وە بۆ ئامانجی لەدانی شۆڕشی کوردیی ئەوکات دامەزرا، پێشتریش جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد ناپاکیان لەشۆڕشی کورد کردو لەساڵی ٦٦ تەسلیم بە دەوڵەتی عەڕاقی دوژمن بونەوەو تائەدێیەک شکستیان بەشۆڕشی کورد هێنا. دواتریش لە حەفتاکانەوە هەتا ساڵی ٩١ دێیان جار شۆڕی ناوخۆو براکوژیان ئەنجامداو هیچ حیزبێکی کوردی نەما کە شۆڕی لەگەڵ نەکەن. دواتریش دیسان لەساڵی ٩٤ تاکو ٩٨ شۆڕێکی کوشندەی ناوخۆیان هەڵگیرساند کە تێیدا ٣٦ هەزار گەنجی کورد کوژران، کە هەڵگیرسێنەری ئەم شۆڕە یەکێتی بوو چونکە لە هەڵبژاردنی پەڕلەمان دەڕاو پارتی دیموکراتی کوردستان ببوو بەهەزی یەکەم. دواتریش لەساڵی ٢٠٠٠ دیسان شۆڕێکیتری خوێناوی براکوژییان لەگەڵ پەکەکە هەڵگیرساند، ئاستی ئەگەر خیانەتکانی یەکێتی بزمەرم سەدان لاپەڕەم پێویستە، بەڵێ تەنها دواهەمین خیانەتی مەزنی یەکێتی بیردێنمەوە، کە ئەویش ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو لە ٢٠١٧ کە خەنجەرێکی ژەهراویان دا لە پشتی کوردو نیوەی خاکی کوردستانییان هەرزانفرۆشکرد، گەیشتە ئەوادەیەی کە ناوییان نا لە یەکێتی نوسینگەی فرۆشتنی زەوی و زاری نیشتیمان. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شۆڕی ناوخۆی پێشوتری یەکێتی و پارتی تائادەیەک ئەوەی زامنی ئاگرتنی شۆڕی ناوخۆبوو ئێککەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی و پارتی بوو، بەڵام چەند هۆکارێک هەبوو کە بەهەیانەوە ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی پارتی دیموکراتی کوردستان و

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆتایی هات.

یەکێتی خیانەتی لە پارتی کرد، بۆیە ڕێککەوتننامەکەی نەوانیان کۆتایی هاتوو. هەروەها لە٢٠١٨ فواد حوسێنی کاندیدی پارتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، بەهەزتربوو لە د.بەرهەم ساڵحی کاندیدی یەکێتی، بۆیە ئۆوکاتەی ململانێیەکی توند هەبوو لەنێوان ئەم دوو کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار، ئۆوسا یەکێتی هەوێدا بۆ هەرشکردنە سەر ژیانی تایبەتی فواد حوسێن و ویستی کۆسایەتی بشکێنێت، هەروەها یەکێتییەکان ئۆوکات وتیان هاوسەری فواد حوسێن جوولەکەیە و پرسیاری ئۆویان دەکرد، کە "ئایا هاووڵاتییانی عێراق قەبوو دەکەن خانمی یەکەمی وڵاتەکەیان جوولەکە بێت؟ ئەم لەکاتێکدایە هاوسەری قوباد تاڵەبانی سەرۆکی ئۆستای یەکێتی کچی ملیاردێرێکی جوولەکەیە و لایەنگرێکی سەرسەختی ئیسرائیلە.
ئەم هەرشانە تاڵادێک کاریگەری خراپیان هەبوو لەسەر کاندیدی پارتی، بەڵام لەئاستی جەماوەریی و سیاسیی یەکێتی گەڵایەو دواوەو بۆپێچەوانەوە ئاستی جەماوەریی و سیاسیی پارتی فراوانتر بوو.
خیانەتی یەکێتی لە پارتی، کە لە چەند بارێکدا ئەنجامی داوە، لەوانە، هاوکاریکردن و داواکردنی یەکێتی لە حکوومەتی عێراق بۆ بینینی بڕیشبودجەی کوردستان. ڕادەستکردنی کەرکووک بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی... هەستکردنی پارتی بەوەی بۆ بەردەوام بوون لە ڕێککەوتننامەی ستراتیجی، یەکێتی لەو تاوانانە پاک دەکاتەوە کە وەک "غەدرێکی سیاسی" لە بابەتی ئیفراندەم و کێشەی کەرکووکدا کردی.
هەر کەسێک یاداشتەکانی سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی خوێندبێتەوە، تەدەگات کە یەکێتی لەوتەی دروست بووە ، هێزێک بووە دژی یاسا و دادپەروەری و حوکمی قانون بووە، چونکە وەک هێزێکی سەرلێشواوی توندڕەو چەپەوی سەر بە قوتابخانەی ستالین، بەکوشتن و تیرۆر و تەقاندن حوکمی کردووە . بڕیشی زۆری ئەو تیرۆر و تەقاندنەش یەکەمجار ئاراستەی ئەندامەکانی خۆی کردووە بە ئەوەی ملکەچی خۆیان بکات و چاوترسێنیان بکات . ئینجا ویستویانە سیاسەتی شڵەژانگەزانەی خۆیان بە سەر حیزب و لایەنەکانی تردا بسەپێنن.
کوشتنی دیان کادیر و سەرکردەی یەکێتی و خڵێکی دیکە لە شاخ و شارەکان کە یەکێتی مەفرەزەی تایبەتی تیرۆری هەبوو ، پڕۆسەیەکی ڕەشن لە مێژووی خوێناوی ئەو حیزبەدا . مرۆڤ تەنیا یاداشتەکانی نەوشیروان مستەفا و مەلا بەختیار بخوێنێتەوە تەدەگات مێژووی ئەو حیزبە چەند خوێناویيە و چەند پڕ لە شەرمەزاری .
لە دوای ڕاپەڕین و لە کاتی شەڕی ناوخۆشدا ، خڵێکی هەوڵێر و

ناوچەکانی تری بندەستی یەکێتی ، حوکمی قڕوقۆشییانەی ئەو حیزبییان هەر لە یاد ماوە کە کوشتن و تاڵان و بڕ وەکو ئاوخواردنەوە بووە بە چەکدار و بڕپرسانی ئەو حیزبە.
لە چەند ساڵی ڕابردووشدا ئیرهابێکی بێ وێنەیان بەرامبەر خەڵکی سلێمانی پەیڕەو کردووە و ئەوەی حیسابی بۆ ناکرێت دادگا و یاسایە .چونکە جیا لەو تاڵان و بڕ و قاچاخچێتییەی لەدەروازە سنووریەکانی سلێمانی دەکرێ کە هەر شۆفێرێک بە یەکەک لە سەرانی خەفرۆشی شازدەی ئۆکتۆبەر،
هیچ نییە دەیان تاوانی کوشتن لەسنوری سلێمانی ڕوونەدات. کوشتنی کاوە گەرمیانی و ئامانج بابانی و لانەی خەزانی و پاسەوانە تایبەتەکەی مام جەلال و تەسلیم کردنەوەی مستەفا سلێمی و کوشتنی خەبەشاندەران و دواهەمینییان لەم مانگی ١١ی ٢٠٢١ بوو کە فەرماندەیەکی گەورە بە پلەی عەقید بەناوی موراد کانی کوردە لەلایەن جەللادەکانی باڤە تاڵبانیی کوژرا، ئەمانەو دەیان تاوانی دیکە بشکێن لە تیرەر و تەقاندنەکانی تاقمە دەستەڵاتدارەکەی یەکێتی کە ئێستا لەسەر کەیسی حوکمدراوان موزایەدەیەکی پووچ و بێ مانا دەکەن.
مەکتەبی سیاسی یەکێتی تەنیا ناوێکی بێ دەسەڵات و بێیارەری یەکەم و کۆتایی سەرانی خاکفرۆشی شازدەی ئۆکتۆبەرن کە دەنیاین ئۆگەر واز لە سیاسەتی شانگەزانەی خەیان نەهێنن، یەکێتی بڕەو هەدەر و کارەساتی گەورە دەبەن. تەبعەن کە کەمێک لەخراپەکانی یەکێتی باس دەکەم، ئەوە بەو مانایە نییە، کە پارتی فریشتەیەو یەکێتی شەیتانە، ڕاستی هەردووک حیزب خراپن و خراپترن لەخراپیی، بەس لێرەدا باسکەی من بەس لەسەر یەکێتی بوو.

ئومێد محەمەد فەرەج



□□□ـــــــی ژن لەســـــــەردەمەجیاوازەکاندا.. □ەسو□ بـ□سکـ□نی

بەتو□ژینەوەی ورد لە□□ژگاری □ابردوو ز□ر لایەنی شاراوەی م□ژووی □ووداوەکانمان بـ□ دەردەکەو□ و ناوەر□کی بابەتەکان زیاتر بـ□مان □وون دەبـ□تەوە، یەکـ□ك لەو بابەتانەی دەمانەو□ ئاماژەی بـ□ بکەین دەربارەی ژن و کـ□شەکانی بەپـ□ی سەردەمەکان، ئەو قـ□ناغانەی ژن پـ□یدا تـ□پەبـ□یوە، تەنانەت ئەفسانەکانی پـ□وەندیدار بەو بابەتانەوە پـ□ویستە لـ□کـ□□ینەوەی وردی لەسەربکر□. دیارە سەردەمـ□ك ژن هەم لەناو خـ□زان و هەم لەکـ□مەگادا پایەکی بەرزی هەبووە، تەنانەت لەسەردەمـ□کدا مر□ق بـ□ تەفسیرکردنی دیاردەسروشتیەکان پەنای بـ□ پەرستنی ژن بـ□ردووەو پەیکـ□ەری بـ□ دروست کـ□ردووە، ئـ□ەو قـ□ناغە بەکـ□لتوری ژنسالاری ناسراوە، ژن خاوەنی □□ز و پیر□زی بووە، ئەمەش بەهـ□ی قـ□ناغی پـ□شتر، کەمر□ق لەئەشکەوت و □اوشکارەوە، گەشەی کردو هەنگاوینا بەرەو شـ□وە ژیانی تازەو پـ□شکەوتوتر، وەکو چاندنی زەوی و کشتوکا□کردن و ما□یکردنی گیانداران و نیشتەجـ□بوونی لەشوـ□نـ□کی دیاریکراودا، ژن تـ□یدا □□ی سەرەکی و بەرچاوتری گ□□اوە، بەپـ□ی لـ□کـ□□ینەوەکان لەوە بەدواوە پـ□گەی ژنان لەپیاوان فراوانتربوو، چـ□ونکە لەئەرکـ□ی چـ□ودـ□ری و سـ□رپەرشتیکردن و بە□□وەچـ□وونی ژیـ□ان لەپیاوان لـ□هاتووتربوو، یان بابـ□□م ئەرکی زیاتری کەوتە سەرشان،

بۆیە بەشێکی زۆر لەئەرك و بۆیارەکانی کۆمەڵگایان گرتەدەست، سەرەڕای ئەوەی پیاو زۆربەی لایەنەکانی ژیانی بەرزەفت کردووە، بەڵام لەهەندێك سەردەم و کۆمەڵگا و ناوچەی جیاوازدا هەوڵ و چالاکی لەکاردابووە، بۆ سەلماندنی ئێژ و پێگەی ژن لەکۆمەڵگادا، وەکو پێگەی خوا ژنی خۆشەویستی و جوانی (عەشتار)ی میسۆپۆتامیا و خاتو خواوەند (انانا)ی سومەری و (ئەفرۆدیت)ی یۆنانی کۆن و (ڤینۆس)ی ڕۆمانی و (ئاناهیتا)ی ئێرانی و ...هتد، مەبەستیان بووە ژن بە ڕوونا کی (نووری) خوداکان بگۆنەوە و هەوڵیانداوە توانای ژن لەئافراندنی مرۆڤدا، وەك سەرچاوەی ژیان و زاوزێ نیشانبدەن و بیخەنە خزمەت بەهێزی پێگەی ژنانەوە.

ئەم قۆناغە سەدان ساڵ درێژەی کێشاوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە، ژن نەیتوانی تاسەر پارێزگاری لەبەهاکانی پێگەی خۆی بکا و پلەکەی خۆی لەدەست داوە، بەهۆی مامەڵەی خۆیستی پیاوان و سوودبینین لەبەهێزی جەستەیان، بەهۆی خوداوەندی دەستکرد و ئایینە ئاسمانییەکان، جێگایان بەژنان لەقکرد و دەسەڵاتی پیاو زیادی کرد، نەریتی پیاوسالاری بەدەرکەوت و ژن پلەیەك کەوتنە دوای پیاوانەوە، ئیتر قۆناخ بەقۆناخ پێگەی کۆمەڵایەتی ژن هەم لەکۆمەڵگا و هەم لەخێزان و بنەماڵە دابەزی.
قۆناغی دواتر ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان بەقازانجی پیاو بووە و لەکۆمەڵگادا پلەی بەرزی بەدەست هێناوە، لەبەرامبەردا پێگەی ژن دابەزی و کەوتە دوای پیاوانەوە، دواتر گەیشتە قۆناغی چەوساندنەوە و سووکایەتی و زیندەبەچاڵ کردن. ئەم قۆناغە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بەردەوام بووەو پیاوان پارێزگاریان لەپلەی خۆیان کردووەو تائێساش لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوامی هەیە. لەڕاستیدا ئەم بارودۆخە بۆ هیچ لایەنێك جێگای شانازی و سەرکەوتن نییە، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و بەتێکەڵاوی پێکەوە دەژین و تەواوکەری یەکترن، هەرچەند لەباری فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە لەیەکتری جیاوازبن، بەڵام لەکۆتاییدا هەردووکیان دوولایەنی بنیاتنەری مرۆڤایەتین.

گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان لەبەردەوامی ڕێژگاری ڕابردوو لەپێگەی ژندا ڕوێی بەرچاوی گۆڕاوە، چیرۆکە ئەفسانەییەکان کەتاڕادەیەکی زۆر لەشێوەی ژیانی ڕاستەقینەی ئادەمیزاد نزیك بوون، بەرهەمی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان و بارودۆخی ژیانی ڕابردوو بەهەندێك زیادوکەم بەچینی داهاتووی سپاردووە، بگومان ئەفسانەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، سەرەڕای ئەوەش داستانە

قارەمانێتیەکان و چیرۆکە راستەقینە و ئەویندارییەکانی مرۆڤ، هەر کامیان پلە و پۆگەی ژن لەسەردەمی خۆیدا دیاری دەکات.

پۆگەی ژن و ئایین

ئایینەکان بەگشتی و ئایینە ئاسمانییەکان بەتایبەتی زۆرترین جەماوەر و شوێنکەوتویان هەیە، دەربارەی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، هەوڵستی هەموو ئایینەکان سەبارەت بە ژن تاڕادەیەك وەکو یەك بووە، سەبارەت بەوەی تاکو ئێستاش لەچاخی پیاوسالاری داین، ئایینەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە هێز و دەسەڵاتی پیاو گرێداوە بە هێزکی میتافیزیکی خواییەوە.

ئاینی ئیسلام لەهەموو ئاینەکانی دیکە زیاتر ئاوڕی لەژن داوەتەوە، بۆگومان لەسەردەمی خۆیدا ئاینی ئیسلام گەورەترین چاکسازی لە وڵاتی عەرەب و هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامی کردووە، ئاینی ئیسلام یاساکانی چەندان ژنی بەیەك پیاو قەدەغەن کرد و دایبەزاندە ئاستی چوار ژنی و گەورەترین گۆڕانکاری ئاینی، کومەڵایەتی … هتد پێکهێنا. بەڵام هەروەك دینەکانی دیکە لەسەرەتاوە پشتیوانی بەهێزی لەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی پێش خۆی کرد، وەك: پێکهێنانی خێزان و ژیانی ژن و مێردایەتی، خاوەندارییەتی و کاروباری ئابووری هتد… بۆ پاڵاوتن دیاری کردووە.

هەبەت دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین سنوردارکردنی هەسوکەوتی مرۆڤ لەئاینەکاندا نەك بۆ ژنان، بەڵکو بۆ پیاوانیش لەزۆرێك لەو بوارانەی دیاریکراون، وەکو ژنان ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە بەبۆای ئایینەکان لەناوئازادی ڕەهاو بۆ سنوردا مرۆڤ بەهاوئاکاری شیاوی خۆی لە دەست دەدات.

ئایینەکانی دیکە لەدوای ڕینسانس لەبەرنامەی خۆیاندا چاکسازی دینیان ئەنجامداوە. ئاینی ئیسلام هەرچەندە ئیفڕمخوازە ئیسلامیەکان هەندێك گۆڕانکاریان دەربارەی کێشەی ژن کردووە، لەمەسەلەی تەڵاق و دەنگدان و هەندێك بواری تر، بەڵام سەبارەت بەحیجاب و میرات و هەندێ بواری تر نەگۆڕاوەو وەکو خۆی ماوەتەوە، لەلایەکی تر ئایینی ئیسلام ئەرك و بەرپرسیارێتی زۆری بۆ پیاو وەکو ژن و بەرزی کەسایەتی ژن داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ژن هەمان ئەرك و بەرپرسیارێتی هەبێ، ئایینی ئیسلام سەبارەت بەمافی ژنان بۆچوونی تایبەتی هەیە، دیارە ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی هزری مرۆڤی ئەم سەردەمە ژن زیانی لەم مامەڵەیە بەرکەوتووە، ئەوەش پێویستی زیاتر بەڕوون کردنەوە هەیە، بۆ زیاتر ئاشناکردنی خەڵك بەکێشەی ژن و گەیشتن بەزیاتری مافەکانیان.

رزگارکردنی ژن لەلایەن ئیسلامەوە

ئایینی ئیسلام وەك ئاماژەمان پێدا لەسەرەتای هاتنیدا گەڵانگاری و چاکسازی زۆری لەکێشەی ژنداکردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئایینی ئیسلام جەختی لەسەر دەکاتەوە پێش پەیدابوونی ئیسلام ژنان زیندەبەچاڵ دەکران، بەڵام ئیسلام هات و ئەو دیاردەیەی نەهێشت، لەڕاستیدا ناکرێ ئەم دیاردەیە گشتی بووبێت، دەشێت ئەو مامەڵە تووندوتیژ و زیندەبەچاڵ کردنە، نەریتی تایبەتی کۆمەڵگای عەرەب یابەشێکی بووبێت، ئەگینا هیچ ڕێی تێناچێت کۆمەڵگایەك هەموو ژنەکانیان بکوژن و تەنیا پیاو بمێنێتەوە، ئەی کەوایە لەدایك بوون و بەردەوامی ژیانی مرۆڤ لەکام سەرچاوەبووە، بەتایبەت لەسەرەتای هاتنی ئیسلام ڕووبەری دەسەڵاتی ئیسلام لەسنووردا بووە و تەنیا شاری مەککە و مەدینەی دەگرتەوە، لەو سەردەمەشدا (تاڵانکاری) و (الغزو) پێکهێنەری کەلتووری عەرەبی بووە و مرۆڤی عەرەبی بەسروشتی خۆی تاڵانکاری بەڕێگایەکی ژیان و سەربەرزانە بۆ ڕزق و بژێوی ژانیوە و دەستکەوتەکانیشی لە زیندە و مردە بەژوا زانیوە .

لەلایەکی تر پێش ئەو سەردەمی ئیسلام ناوی ناوێ (سەردەمی جاهیلی و زیندەبەچاڵ کردنی ژن)، بەزیاتر لەهەزارسااڵ پێش ئیسلام لەسەردەمی فیرعەونەکاندا لەمیسر خاتوو(نەفرتیتی) بەهێزترین و ناودارترین ئافرەتی ئەو سەردەم، فیرعەونی میسر لەژێر کاریگەری ئەودا ئایینی یەکتاپەرستی ڕاگەیاند، ئەمەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت، ژنێك بتوانێ بەدی بهێنێ، هەروەها لە یەمەنی پاڵ مەککە و مەدینەش بەلقیس شاژنێکی بەهێزبووە و ئێستاش پاشماوە شوێنەوارییەکانی شارستانیەتی شانشینەکەی نیشانەی بەهێزی ئەو دەردەخات.

سەرەڕای ئەوەش هەزارسااڵ پیش ئیسلام،لەبابل نەبوخەزنەسر لەبەرخاتری ژنە خۆشەویستەکەی سەرسوڕهێنترین باخچەی دروستکردووە، کەتائێستاش بەباخچە هەلواسراوەکانی بابل ناسراون.

بەگومان دەبێت ئیسلام مەبەستی لەجاهل خۆی عەرەبەکانی مەککەو مەدینە بووبێت، ئەگینا چۆن دەگونجێت بەبنیاتنەرانی ئەهرامەکان و تەختی بەلقیس و باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و چەندانی تر، بە جاهیل و بەسەردەمی تاڵانکاری و شەوشە و کوشتارەکانی عەرەب بە سەردەمی پێشکەوتن و شارستانیەت.

هەسوە بەسکەنی

هـــــای لـمـــــن شـرواڵـ..
عـبدولـڵـحمان فـرهادی

شـرواڵـکـم دوو سـ پینـی پـوڵ بـوو، چـوار سـاڵ بـوو ڵـژانـ بـ قوتابخانـ هـر ئـوڵم لـ پـ هـڵـدکـشا، زڕجاران کـ مامـستاکان بـ وڕامی پرسیاران هـڵـیاندـستاندم، هـوڵم دـدا بـ هـردوو دـستم پینـکانی سـر چـکی شـرواڵـکـم وـشـرم. منداڵی خواپـداوـکان گـر ناچـار نـبـان نـیاندـدوانـدم، لـبـر ئـوڵی لـ زڕبـی قوتابیـیان ژیرتر و هـشیارتر بووم، پـش چوونـ مـکتـب لـ مزگـوت سـرـدـڕـی خوـنـدـواری و پـروـردـیـکی ئـایینیم هـبـوو، لـ دووی سـرـتایی نـامیلکـ چیـڵـکـی پیـاوـ بچکـڵـکـ ی فـڕـیـدوون عـڵـی ئـمیـن م خوـندـوـ، پـموایـ ئـمـ یـکـم کتـب بوو لـ ژیانم خوـندبـتمـوـ، پاشتر هـر لـ قـناغی سـرـتاییم، ـشتـی مرواری و ئـمیر ئـرسـلان و بـرهـمـکانی کـاکـی فـلاح و عـومـر عـبـدلـڵـحیم و ع. ع. شـونـم و کـریم شارـزا م خوـندنـوـ. ـڵـژـکیان مامـستا نادر حـسـن یادی بـخـر کـ لـ سـی سـرـتایی وانـی خوـندنی کوردیی پـدـگوتین، دـقـ شیعرـکی کـریم شارـزای هـر لـ کتـبـکـ بـ خوـندینـوـ، کـ ئـستایش سـرلـبـریم لـبـرکردووـ، شیعرـکـ ئـمـ بوو:

“میللـت کـ هاتـ مـیدانی ژیان
بـرزـکاتـوـ ئـایـای تـکـشان
ئـایـای ئازادی و بـرزیی وـاتی
دروشمی ـڵـگـی هـوـ و خـباتی
… تاد.”

پاشان، داوای کرد کـ دـتوانـ وـکوو من بـ ـڵـوانی بیخوـنـتـوـ، یـکـوسـر دـستم بـند کرد جوان و پوختـ خوـندمـوـ، کـ لـبـوومـوـ چـپـڵـیـکی قایمیان بـ لـدام، مامـستا نادر گوتی ئافـرین، کتومت وـکوو منت خوـندـوـ، پاشان داوای کرد بـ سبیانـ دـبـ شیعرـکـ کـ هـشت جـتدـڵـی بوو ـڵـوان بکـین، من لـ ـڵـوانکردنی شیعران ئازا بووم و حـزیشم لـ شیعر بوو، بـیـ بـڵامـوـ کارـکی گران نـبوو، سبـینـ کـ هاتینـوـ، یـکـ یـکـ قوتابیـیانی هـڵـدـستان و شیعرـکـی پـ دـگوتن، لـمن بترازـ شتاقـ قوتابی سـرلـبـری ـڵـوان نـکردبوو،

ئەو ڕۆژە دیسانەوە چەپەیکی حەلەم بە لەدرا. قوتابیە پشتە گیرفان پڕکان ئیریییان پە دەبردم، ئی وایان تەدابوو جارجارە گاڵتەی پە دەکردم یان هەبوون شڕیان دەفرشتم، بڕام من گران و سەنگین، پڕوڕدەی باب و حوجرەی مزگەوت بووم و وەک پیاوەک دڕڕفتاریم، منداڵە دەوڵەمەندەکان بەشکیان تورکومانی کڕانە خشکانی ئەودیو سینەما سڕاحەددین بوون، کە ئەو بە ناوقەسران دەناسرا، زەرجاران بەناچاری بە شیکاری پرسیارەکانی ژمارە و پەوان، دەهاتنە لام و سوودیان لە دەبینیم. ڕۆژکیان لە وانەی دووەم، کە وانەی مامستا عەبدوڵا شەفیع مان هەبوو (کەمڵایەتی)، بڕەوبەری قوتابخانە مامستا جەمال مەجید عەزیز لەگڵ مامستا ئەسوەد بڕوور کەوتن، مامستا عەبدوڵا ی کەمڵایەتی لەگڵ قوتابییان یەکجار تونەدوتیژ بوو، لەختوخڵا بە داران وەرماندەگڵایە، بە سەتان قوتابیی لاتوپات و زیرەک لەترسی ئەو مامستایە قوتابخانەیان بەجەهشت و ببڕای ببە توخنی خونەدن نەکەوتنەوە. کە بڕەوبەر و یاریدەدەرەکەی هاتنە ژوورەوە و ئەو ماویەی لەکنمان مانەوە، هەناسەی ئەخەیمان هەدەکشا و خەنی بووین تا کاتی دەرسەکەمان لە بەوات، ئەوان بە ئەو هاتنە ژوورە تا ناوی قوتابییە هەژار و نەدار و باب مردووەکان، یان بڕەین هەتیمەکان بنووسن و پڕیان گوتین دەمانەوە بە هەریەکە لەوان سەرو پارچە قوماشکیان بدەینە، ئەوبوو یەکە یەکە لەیان دەپرسین باوکتان چ کارییە؟ کە نۆرە گەیشتە من گوتم من کوڕە مەلام، مامستا ئەسوەد بابی منی دەناسی، گوتی کوڕە من ئەتە دانیشە، بڕەو حەزم دەکرد منیش قوماشکەم بدرێتە، کەچی لەگڵ منداڵە نەداران ناونووس نەکرام. سەلیم ی هاوپڕلم کە لە تەنیشتم دادەنیشت، بابی ڕاوچی بوو پڕیان دەگوت سەلیم ڕەشید کەشکەکوژ، ناونووس کراو ڕۆژی دواتر شەش گەز قوماشی شینی درایە، ئەوانەی قوماشیان درایە پشیان گوتن دەبە لەبەرتان ببینین، سەلیم کە حەزی لە کەشخەیی بوو، کەچی کورتەک و جلوبەرگی هەمووی جینگۆ بوون. هەفتەی دواتر مامستا ڕابەرکانی پڕل لە قوتابییەکانیان دەپرسییەوە ئاخە قوماشتان درووییە یان نا! ئادەی بزانین کردەتە چی؟ یەکە یەکە بە قوتابییەکاندا دەهاتن بزانن قوماشکانیان بە درووای پشیۆە یان نا! لە سەلیمی مام ڕەشیدی کەشکەکوژ بترازە، ئەوانی دی هەموویان کردبوویانە شروا و لەبەریاندابوو، دایکی سەلیم چووبوو قوماشی دابووە مامۆزنکی بەرگدروی، مامۆزنە بە سەلیمی گوتبوو: کوڕە من ئەتە شروات هەن، با ئەم قوماشە جوانەت بە بکەم بە دوو پانتۆ و وەک ئەفەندییان جوان بیت، سەلیم کە قەت خەی بە قوون و پانتۆوە نەبینیبوو، بە پشنیازکەی مامۆزن ڕازی ببوو. ئەو ڕۆژە لە سەلیم و یەک دووانەک

بترازێ لە قوتابخانەکە کەسی دی پاتێی لەبەر نەبوو. مامۆستای ئابڕ کە گەیشتە سەر تەوقی سەلیم، لێی پرسی: هەتیوە قوماشەکەت کردووە بە چی؟ سەلیم قیت بووە گوتی: مامۆستا، ئۆوەش پانتۆڵەکەم. ئەو وەختە جگە لە ئۆفەندی و مامۆستا و مەئموورانی حکوومەت، کە پانتۆڵی هەبوو؟ مامۆستای ئابڕ پانتۆڵ لەبەرکردنەکەی سەلیمی پێ قووت نەچوو، تا هێزی تێدابوو زللەیەکی خواندە بناگوێی سەلیم، زللەکەی شرقەی وەک دەمانچە هات. مامۆستای ئابڕ لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خوڵەی، بەم بووە بە ئۆفەندی، پانتۆڵی لەبەر دەکات. سەلیم لەووی دەروونییەوە مانگێک زیاتر نەهاتەوە سەرخێ. سەلیم کە قەناغی سەرەتاییی پێ نەقەتێنرا، ئێستا شەوانلەبەرکی کەشخە و مەعلانە، دوکانی کەمالیاتی لە بازاڕی کووران هەیە، کە دەمبینێت دەڵێ: ئەخ من داوای قوماشم نەکردبوو، خەیان دامیانێ و نەشیانگوت ئیللا دەبێ بیکەی بە شەروال.
منیش دەیەمە: های لە سەلیم شەروالە.
بەرسقم دەداتەوە: های لەمن شەروالە!

بە خوێندنەوەی بابەتکانی تری نووسەر کلیکی ئەرێبکەن..

بەشی یەکەم..

بەشی دووەم..

کورتە چیرۆک/ ناوەی نوێ..
گەران سەباح

چاوەڕێی گرنگترین دیمانێ بوو.
کتێبکەی پێوەدا. خستیەوە ناو کەپشتی. سەری دەبێ ئاوەکەی کردەوە، قومکی لێ دا. مەیلەکەی کردەوە، نەیتوانی بەیار بدات کامێ ئاپ بکاتەوە. دایخستەوە. کتێبکەی دەرهێناوە و کردییەوە. لاپەڕە هەشتا و هەشتی دەخوێندەوە: "یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئینتیما خزمەتکردنی وڵاتە . . ."
پێنج دەقیقەی تر، کتێبکەی پێوەداوە و خستیەوە ناو کەپشتەکەی و قومکی تری ئاو خواردەوە و مەیلەکەی کردەوە و هیچ ئاپکی

نەکردەوە.
بە جاری نایەم سەیرەکی دەوروبەری کرد: هەر لا دیوارەک هەنگەکی تەخ بوو: سوور، شین، زەرد. لەگەڵ هەنگی نەو تابلۆ ئەوروپییە گرانبەهاکان دەهاتەوە، لەگەڵ هەنگی لەگەی کەمپانیاکەش. گەرانی (ئاپای سپی)ی دایدە. تاخم قەنەفەیەکی سپی چەرم ئیتالی، فەرشەکی سپی سپی سەفاقیە.
ویستی کتێبەکەی دەر بهێنێتەوە. لەباتیان چوو لە سکرتێرەکەی پرسی. لچ ئەستووری هەومەت خۆ، جاری یەکەم وەڵامی پرسیارەکەی نەداوە.
دووبارەی کردەوە: "لەمەڕ چاوەڕێکەم، دیمانەکەم چی لێهاتووە؟"
"عربی عینی."
سەیرەکی کرد و چوو لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. هەرچەندە لە سیڤییەکەی نووسیبووی عەرەبی دەزانێت، بەس نایتوانی قسەی پێ بکات. کتێبەکەی دەرهێناوە. لاپەڕە ۹۰: "تاک دەبە ئاگای لە مەژووی وڵاتەکەی بێ؛ ئەگەر مەژووەکەی نەزانێت، چۆن بیناسێت، ئەگەر نەیناسێت، چۆن ئینتیمای بێ دروست دەبێت؟"
سکرتێرەکە پێی گوت، "تفضل." بەپەلە کتێبەکەی خستەوە شوێنی خۆی و قومەکی تر ئاوی خواردەوە و مەبایلەکەی خستە ناو گیرفانی.
ژووری بەڕێوەبەر زێتر بە ژووری هوتێلێکی حەفت ئەستێرەیی دەچوو، نەک نووسینگەی کار. بەرامبەری دانیشت، دێی خەرا لێی دەدا، دەستیشی ئارەقەی کردبوو.
"چەند زمان دەزانی؟"
سوور هەگەڵا، چاوەڕێی نەدەکرد ئەو پرسیاری یەکەم بێت. چوار زمانی نووسیبوو لەسەر سیڤییەکەی.
"کوردییەکەم زۆر باشە. عەرەبی و ئینگلیزی و فارسیش تەدەگەم."
بەڕێوەبەر کردییە عەرەبی.
وای دەزانی گوێزی بە دێتە ژماردن. کردییە ئینگلیزی. هەر خراپتر. باش بوو بەڕێوەبەر فارسی نەدەزانی، ئەگەر نا لەوە لەشەرمان لەخۆ دەچوو.
"خیبرێت هەیە لە عالەمی هەکلام؟"
"بەڵێ، پەیجەکی سۆشیەل میدیا بەڕێوە دەبەم."
" پەیجەکە چییە ناوی؟"
دەمی تەک ئاڵا، تەنگاو بوو، هەندەی نەمابوو بخنکێ.
"چ بەرنامەیەکی دیزاین دەزانی؟"
ئارەقەی کرد. لەسەر سیڤییەکەی نووسیبووی بەرنامەی (ئین دیزاین) دەزانێت.
"جەنابت بە غەڵەت لە سیڤی فەهمت کردییە."
سەری لەبەر خۆی نا و نوتقی گیرا.

لە ناو پاس، پرسیارەکان لە مەشکی دەزرینگانەوە. بەردەوام بە چەند قسەیەک ئازاری دا. "باشە جامیعەت تەواو کردیە، قسم میدیا، ئەوجە نازانی دیزاین بکەی، یعنی شلان عەرەبی نازانی، شلان شت دەنووسی لەسەر سیفی و واقیع شتەکی موختەلیفە؟"
لای هەڵی زەرد دابەزی و بە پەیان چەوە ماڵ. نانی نیوەڕۆی نەخوارد. لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە. لەگەڵ بانگی مەغریب، دایکی لێی بەژوور کەوت.
"ئەوە چیە کوڕم؟"
کتێبەکەی کردبووە سێ پارچە. هەر پارچەی کەوتبووە لایەک. چەند ئیفەڵەکی بە دیوارەوە هەڵواسیبوو. لەسەر هەر ئیفەڵەک، بە ماجیکی سوور هێستیکی بە گەورەیی نووسیبوو:
"ئینتیما واتە فەربوونی عەرەبی."
"گوو بە مەژوو."
"ئینتیما واتە زانینی دیزاین."
"ئینتیما واتە هەکلام."
"ئینتیما . . ."

کورد و شۆنەوار.. جواد خەلیل

(دەربارەی شۆنەوارناسیی لای کورد و ئەزموونی تەها باقر)

هەموو ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ شۆنەوار و مەژوودا هەیە، بەتایبەتی مەژووی کۆنی جیهان و شارستانیە دێرینەکانی دڵی دووئاوان و نیل، ئاشنایەتیان لەگەڵ ناوی (تەها باقر)دا هەیە و دەزانن لە هەمبەر چ گەوهەرێکی دڕوشاوە و بەنرخی جیهانی شۆنەواردا وەستاون.

تەها باقر (١٩١٢-١٩٨٤) بە گەورەترین و تایبەتترین شۆنەوارناس و مەژوونووس دادەنرێت لە مەژووی عێراقدا، ئاخر دەستکەوت و دەزینەوەکانی ئەو ئەماندە زەرن، لە ژماردن نایەن! ئەو جگە لەوەی شۆنەوارناس و مەژونوس بوو، توانایەکی سەرسوهێنەریشی هەبوو لە فەربوونی زمانانی کۆن و نوێی جیهاندا، لەوانە: ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەکەدی و ئارامی و سۆمەری.

لە بابل گەورەببوو، لە فەلەستین و لوبنان و ئەمریکا خوێندبووی، ئەوانەی بە باشی زمانی شارستانیەتی کەنەکان فێربووە، کاتێک "داستانی گلگامەش"ی لە ئەکەدیەوە کرد بە عەرەبی، زۆرێک پێیان وابوو مەحاڵی ئەنجامداوە! ئەو هەر بەمەوە نەوەستا و کەوتە پشکنینی بە زۆرێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق کرد و دەرئەنجام یاسای ئەشنونای دەزیەوە، ئەمە بێجگە لە کردنەوەی کەدی تابلێ بابلییەکان و دەزینەوەی شاری شادووبومی سەمێری و وێرگەلانی کتێبە دانسقەکانی مێژوو لە زمانی یەکەمەوە !

تەها باقر هیچ بابەتێکی دەربارەی مێژووی کەن نەدەنووسی، ئەگەر بێگە و پاشتی دروستی مێژوویی لەگەڵدا نەبووایە.
بە نموونە یەکێک لە کتێبەکانی: (پێشکێک دەربارەی مێژووی شارستانیەتە کەنەکان) هەندە تەژی لە بێگە و زانستییانە نووسیوە، کە زێرینەی مێژونوسان و شوێنەوارناسان، جگە لەوەی بە گرنگترین کتێبی بواری مێژووی شارستانیەتە کەنەکانی دادەنێن، لەو بوایەشدان هیچ کتێبێکی دیکە نیە لەو بوارەدا، گەیشتبێتە ئاستی ئەو!

شوێنەوارناسیی لایکورد

ئەو شوێنەی ئەمێ ئەمەی کوردی لەسەر دەژین، پێش چەند هەزار ساڵێک شارستانیەتی گەورەی تێدا دەرکەوتوە و پێوەندییەکی پتەویشی بە شارستانیەتی دونیای دووئاوانەوە هەبووە.
پرسیار لەرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەمە لە چەند ڕاڤە و زانیارییەکی سەرەتایی زیاتر، هیچی ئەوتە لەبارەی ئەو شارستانیەتانەوە نازانین؟! وەڵامی ئەمە ئەگەر چەند هۆکارێکیش بێت، بەگومان گرنگترین و یەکەمین هۆکاریان نەبوونی شوێنەوارناسێکی پسپۆڕ و زمانزانی وەک تەها باقرە لە نەو کورد-دا، شوێنەوارناسەکانی ئەمە زیاتر لە مێژوونوسەوە نزیکن وەک لە شوێنەوارناس! زەرجار کە کتێبی شوێنەوارناسانی کورد دەخوێنمەوە، وای دادەنێم مێژونوسێک نووسیبێتی، چون ئەوانیش هەروەک مێژونوس هەندەی پشت بە سەرچاوەی نووسراو دەبەستن، نیو هەندە کەو پشکنینی ڕاستەقینە ئەنجام نادەن و ئەوەی دەیکەن زیاتر شرۆڤەکردنی حەقیقەتە مێژووییەکانە. ئاخر کەو پشکنین ئەگەر پشتئەستور نەبێ بە پاشخانێکی مەعریفی فراوان و زەخیرەیەکی گەورەی زمانیی و پاڵپشتییەکی بەهێزی دەوڵەت، هەرچەندە بە هەوکەش دەسەزانە دیاربێ، دواجار هەر دەبێتە کارێکی سەتحی و لاواز و زیان بە هەڵەوی ڕاستەقینەی دەزینەوەکانیش دەگەیەنێت.

کۆمپانیکی دیکە کە بڕێکی "شوێنەوارناسیی کوردیی" گرتووە، پێدانی پێست و بڕپرسیارێتی شوێنەواریی بە کەسانێک کە هیچ لە بارەی ئێلفوبێی شوێنەوارەوە نازانن. زۆرینەی ئەوانەی کراونەتە بڕپرسی بەڕێوەبەرایەتیکانی شوێنەوار، نێک هەر وەکو تۆها باقر زمانانی دڕین نازانن، نێک هیچ لە کنە و پشکنین و لێکارکانی نزڕنکردنەوەی شوێنەوار نازانن، نێک جگە لە کوردی هیچ زمانێکی تر نازانن، بەکو زۆریان هەر ناشزانن شوێنەوار چیە و بۆچی گرنگە و ئیشی شوێنەوارناس چییە! بەڕێوەبەرایەتیکانی شوێنەوار تەنها بە ئەوە هەن حیزبی کوردی وەک دیاریێک و پاداشتێک بیداتە کادیر و ئەندامە هیچ نزانکانی خۆی، تا گلەیی ئەوە نکەن کە خەباتی شاخیان بەفیڕۆ چووە و پاداشت نکراون. حیزب بە کادیرە ماندووکانی خۆی دەڵێت:(خەباتت کردووە ئازیزم؟ پشمەرگە بووی بەو شاخ و داخەوە؟ دەی پیرزت بە پلە نوێیکەت، ئەوە کرای بە بڕپرسی شوێنەوار).

ئەمە ئاوها حکومەانیی دەکەین، ئا بەم شێوەیە لە هونەری ئیدارەدان گەیشتووین. ئەوە بەیە لێژ بە لێژ وڕانتر دەبین، لێژ لە دوای لێژ زیاتر لە شارستانیەت دادەبڕین. ئەمە بەم عەقڵیەتی ئیدارەدانەوە، بەم ئەزموونە شکستخواردووەوە، نێک تەنها ئێستا و دواڕۆژی نەتەوەیێک ناشرین و وێران دەکەین، بەکو ئابردوویشی دەسێنەوە و یەک بە یەکی شوێنەوارکان لە سەر دەستی کادیر و ئەندامە خەبەشتزانکانی حیزب، دەکەین بە کەلاوە!

جواد خەلیل



کـــورد وەک میللەتێکـــی دیـــل و کێبڕکێ.. کاروان حەسەن

لەمابەینی کەاو سوور و کەاو ڕەش
پەرەشان و دیارن میسلی گای بەش

حاجی قادری کۆیی

کورد میللەتێکی دیل و کێبڕکێی ژێردەستی دوژمن، لەوەتەی هەیە ژێر دەست بووە و هەمیشە گۆڕانی بەگانە و دوژمن و ناحەزان بووە، ئۆگەرچی جارجار توانیوێتی لەسنوری میرنشین، هەرێم، حکوومەت چەند ناوچەیەک بەدەست بهێنێ. بەڵام دواجار بەویستی بەگانە و لەژێر فشاری حکوومەتە سنوریەکانی دەوروبەری و دەستی ڕەشی پیسی ناوخۆ بەرەو هەڵدێر چووەو هاتۆتەوە خاڵی سفر. لەدێر زمانەوە دوژمن توانیوێتی ئەو دەستەڕەشە پیسەی ناوخۆ بکڕێ و دەستەمۆی بکا بە مەرام و نیازە گاوەکانی خۆی هەرکاتێکیش کورد بەرەو بەهێز بوون چوبێ و بەنیازی بەدیهێنانی مافەکانی بووبێ ئەوا دەستی لەرزەکی ناوخۆ زەر بێ بەزەیانە و دوور لەبەها مرۆڤایەتییەکان لەخزمەت دوژمن وەستاوە بێ نەهاتنەدی ئامانج و مافەکانی میللەتی کورد ئۆگەرچی ئەمانە بەچەکی کوردیشن ! بەڵام لەئێرک و ئەخلاق و بنەما نەتەوەییەکانی خۆیان لایانداوە و لەپێناو چەند پاداشتێکی کاتی میللەت و گەل و نەتەوە و خاکی خۆیان هەڵاجی دەستی دوژمن کردووە.
لەرەوە دەینێ سەرباسی هەندێ شیعری شاعیران لەبارەی ئەو دەستە ڕەشە چەکنە ناوخۆییە و بە چاوخشاندنێک شتێکی لێ هەڵدەکەنین، بەهیوای سوود وەرگرتن .
حاجی قادری کۆیی (١٨١٧- ١٨٩٧) لە دیوانەکەیدا کە پڕە پەندی و ئامۆژگاری و وانە، لەچەند شوێنێک باس لەیەکێیزی و ناتەبایی و بێ دەوڵەتی و دەستی پیسی ناوخۆ دەکات و لەهەموو ئەو دڵانشدا ئامۆژگاریمان دەکات کە خزمەتی وڵات، نیشتمان، نەتەوە بکەین و بەیەکێیزی و یەکگرتووی دەتوانین مافەکانمان بەدەست بهێنین ئەوەتا دڵێ:

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک
ئەگەر تەفان بە لەشکرتان بەپووشەک

لەدوو دێڕی تردا حاجی زەر بەڕاستی دەدوێ و ئەوەمان پێ دەڵێ ئەگەر یەکگر و تەبا ویەکگرتوو بین، دەتوانین جیهان بگرن و ببن بە خاوەنی دەوڵەت، هەروەک دەڵێ:

کوردی ئەمڕ نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن
بە ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن

حاجی ناوەستێ و دەڵێ دەستی میللەت دەگرم تاکو ببێ گای ڕاست دەدەزنەوە .بەڕەام مخابن حاجی ئەوە (١٢٤) ساڵ مردووە هەشتا قسەکانمان بەهەند وەرنەگرتووە مخابن.
لەدەڵێکی تردا دەڵێ:

تاڵک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خراپە ئاباد

حاجی قادری کۆیی باش لەوەگەیشتبوو کەکورد خۆخەر و دەست خراپی بەگانەن و هەریەکەیان بەلایەکدا ڕەیشتوون و هەرلایەنێک لەدژی ئەوی تر بوونەتە دارە دەستە و دەسکەلای بەگانە، دوژمن چەنی بوە وای لەدەخۆڕ لەدژی براکانی تری مەبەست کورد بەکورد کوشتن و شۆڕی براکانە کەئامانجی دوژمن ئەویە کورد بەکورد بکوژە و لەدژی یەک هاریان بکات ئەوەتا تاکو ئێستاشی لەگەڵدابە کوردی نەگبەت هەر لایەنێک لەدژی ئەوی تر پاپشت و مەیتەری دەوڵەتکە لەدەوڵەتانی هاوسنور .حاجی قادر زەر جوان وتوویەتی :

لەمابەینی کەاو سوور و کەاو ڕەش
پڕەشان و دیارن میسلی گای بەش

کەلەڕدا حاجی مەبەستی لەکەاو سوور تورکە عوسمانییەکانە چونکە فەسی سووریان لەسەربوو ، کەاو ڕەشیش مەبەستی لەئێرانییە قاجاریەکان بوو کەفەسی ڕەشیان لەسەربوو..

کاروان حەسەن ٢٠٢١/١٢/٢
هەولێر

کتێب/ برایەتی.. نژاد عزیز سورمێ

- نژاد عزیز سورمێ
- "برایەتی" یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا لەکۆمپیوتەر و بیبلۆگرافیا
– بەرگ: نووسەر خۆی
– دیزاین: کاروان محەمەد سینێ
– چاپی یەکەم1991چاپخانەی خەبات هەروەها وەکات لە گۆڤاری)یەکگرتن(کە لە دانیمارك) دەردەچوو ، لە هەمان ساڵدا چاپی دووهم1997چاپخانەی وەزارهتی پەروەردە – هەولێر
– چاپی سێیهم 2021 بڵاوکردنەوەی (ڕۆژنامەی خەبات)
– ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان 861 ساڵی 2021.

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی تری نووسەر کلیکی ئێرە بکەن..

بەشی یەکەم..

بەشی دووەم..

وەڵامێک لە نەخشانەوە بۆ ئیدریس کەریم ناوێک.. ستیڤان

شەمزینی

تا ساحەب ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت

ئەمە کە هاوکات بە دەردی شەرپەنچە و کارەناوە دەناڵێنم، هاوڕێیەکم ئاگاداری کردم کە بابایەک بەناوی ئیدریس کەریم، بابەتێکی هەڵپەکاندووە گوایە من شیعرکی بەرز کاوە عوسمانم کەپی کردووە و لە بەتای شیعرکی تردا بەناوی خەمەوە دامەشتووە. بەڵام من لەرە سەرنجی خوێنەر و ئیدریس بە چەند خاڵێک رادەکێشم:
یەکەم: ئەو قەسیدەیەی من لە هاوینی ساڵی 2018دا لە نەخشخانەی گلیاد ئاینس نووسراوە و واتە لانیکەم بە سێ ساڵ و سێ مانگ بەر لە دووبارە بەاوکردنەوەی لە سایتی بەڵەزی دەنگەکان دەگەڕێتەوە.
دووەم: بە سەلماندنی راستی لای سەرەوە، ئەم قەسیدەیە لە دیوانی "وەرزە سەوزەکانی ئەوین" کە هەر ساڵی 2018 چاپ و بەاوکراوەتەوە، چاپ بووە.
سێیەم: لەگەڵ ئەم بابەتە فایلی پی دی ئەفی دیوانەکە و چەند وێنەیەکی مەراسیمی بەاوکردنەوە هاوپێچ دەکەین و داوا لە سایتی دەنگەکان دەکەین هەموو وێنەکان و فایلە پی دی ئەفەکە بەاوبکاتەوە.
چوارەم: ئەمە نامانەوێت کاک کاوە بە دزی ئەدەبی تەمەتبار بکەین، بەڵام بە هەقیقەت نە کاک کاوە لەو ئاستەیە من شتی لە بدزم، نە تەکستەکەی ئەو پێشی ئەوەی منە تا بیسەلمێنە من لەوم دزیوە، چۆن دەکرێت تەکستێک سێ ساڵ و سێ مانگ پێشتر بدزرێت؟ ئەی بە پێچەوانەکەی راست نەبێت؟.
پێنجەم: ئەگەر ئیدریس کەریم کە وای بە دەچم ناوێکی فێک بێت بە نووسینێکی تر داوای لێبوردن نەکات ئەوا دادگای لە دەگرم، ئەگەر ئەوەشی نەکرد پێویستە سایتی دەنگەکان بابەتەکەی بسڕێتەوە و هیچ جارێکی تر بابەتی بەاوەنەکاتەوە.
شەشەم: ماوەی بیست و سێ رۆژە من نەشتەرگەریم کردبوو بە هەڵدانەوەی کاسەرم و هاوکات تووشی پەتای کۆرۆنا بووم، پەموایە ئەو بۆشاییە و نائامادەییەم بە هەڵە زانراوە بە ئەو تەمەتە بە بنەاغەیە، لەم هەلومەرجە سەختەی تەندروستیمدا ناچاربووم ڕوونکردنەوە بدەم، کە هیچ کات لە نووسەری ئەو بابەتە خۆشنابم بە نووسینی بابەتێکی تر نەبێت بە داوای لێبوردن.

ستیڤان شەمزینی
نەخشخانەی گلیاد ئاینس

2021-12-2

-_____

ناوی کتێب: وەرزێ سێوزێکانی ئێوین
بابەت: شیعر
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرەم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 5000 دینار
ساڵی چاپ:2018
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..














کوردۆنیا





.

ئەلف و بێی دەداری.. شەمامە بارەوانی

١

ئەفسووس

هەشتا

ئەلف و بێی دەداریم

پێی نەگرتبوو

هەشووی هەزمانی دەکانم

کابووێوە

هەشتا

ئیعرابی ستەکانم

باق نەبوبوون

هەموو حەرفەکانم

مەحکوم بوون بەسەراب

٢
تازە درەنگە بۆ ژماردنی
قەتماغەی خەزگەکانم

خەمن
من ئێستا
جگە لەلەتەک هەژن و
بوخچەیەک دەشکان
چیترم نەماوە

دەسنووسی بیرەوریەکانم
هەمووی
بەحەسرەت سەریان نایەوە
و
نەغمەی حەزەکانم
سەراپا بوون بەخەمەمش

من چیتر
ناتوانم سەمای عیشق
لەسەر خەووزی چاوەوانی
دابەستم
و
فریای سەکردنی
ئەو هەموو فوغانەی
مارشی قەقیم بکەوم

تازە فانزی
هیلاکیم
پێی نایە سنورەکانی کزی
و
باڵندەی خەمەکانم
گەیشتن بۆ تخوبی
موستەحیل

٣
بەزاربووم
هەندەی

موتاەای سورەتی
دەشکان بکەم

هەندەی یاسینی
حوزن
بەدیار نەزیفی جەستەی
یەئسەکانمەوە بخوێنم

٣
ئەە خودایە
چ زوو
شەقامی مەراقم
وشکی کرد
و
هەموو خەونەکانم
هەر بەکاەی کوژانەوە

چ زوو
دەسیەی شیعرەکانم
پەشاکی ماتەمیان پەشی
و
وشەکانم
چونەحاەتی فەنابوون

٤
من ئیتر
هیچ گەەای پەکەنینەکم
پەوە نەماوە بە ێنینەوەو
تنوکەک خەم بە ژان

خودایە
ئەوە چ ع بەسەک بوو
لە پەدەشتی تەنیاییم دایکرد

ئەوە چ هەەکەووزانەک بوو
لەدەربەندی ەەحم
داگیرسا

ئەوە چ تەەبەندەک بوو

لە نیشتمانی ئەملەم هەتاقا
و
ئەو چ هەواریندک بوو
لە ئامێزی دارستانی
هیواکانم هەیکرد

خودایە
تۆ پێم بڵێ
ئەو قانونی عیشق بوو
یان سیاسەتی
سوتان!

دیسان تۆ.. نەوزاد بەندی

ئەم شیعرەکت بۆ
بنووسم و
نازانم کێی ..
نازانم چۆن ..

ئەترسم ئەم ووشانەیشم ،
وەک ئەوانەی تر ،
کەن ببن ..
کەن ببن ..
کەن ..

ئاخر ووشەکانیش ،
وەک هەژەکان ،
تاوێ ئەمێننەوە و
ئەڕۆن ..

خۆشی هەبێ ،
پێئەکەنن ..
ناخۆشیش هەبێ ،
خەم ئەخۆن ..

ئاخر بۆیە ،
نازانم کێی ..
نازانم چۆن ..!!

نێوزاد بەندی ـــــ 2/12/2021

پریاسکە.. ستار ئەحمەد

بەدەم خەندەی گوڵەوە
شنەی با دەخڵمەوە
لەکوێی جەستەمدا
گوڵ لەدەنگی تۆ بگرم
بوومەتە پارچەی شکاوی شووشە
هەر کەرتێکم لەخۆمدا
خووی داوەتە تەکانی مردن
بەرەو کوێ تەرمم هەڵدەگرن
لەپاڵ کام داردا دەمشێنەوە
بسمیلم بەچی دەردەکەن
من خۆم دارەمەیتەکم
لەژاڵەی بەردەرگەی ماڵەکەتان
سازیان دام و
بەبەرامەی تۆ بزەیان پێبەخشیم
لەخۆم تێناگەم
لەتۆشدا گومان دەمگەستێ
چاوەڕوانی دەمفڕێنێ
ژوان ئاڵای سنوورم بێ هەڵدەکا
خۆزگە بەخۆڵ دەمپێچێتەوە
دابڕان دەمداتە دەستی چارەنووسی بەردەوە
لەچیدا شانی بەخشین بنوێنم
لەکام شەڕگەدا پریاسکەی تاسە بکەمەوە
رابوورد .. ئەو کاتانەی بەدوو دەست
لوتکەمان دەگووشی
خاکمان ماچ دەکرد

ئەو ساتانە زەمەنی عەشق بوون
مەودای دڵو خۆزگە
پەنجەو قەڵەم بوون
ئەمڕستا بارێك لەتریفە
پڕ دەمێك وشە داناگیرسێنێ
پەرچەمی رستەیەك ناکاتەوە
شیعرێك لەپاژنەی هەنگاوا نادوێنێ
دەڕم چڕن باران
ئەمسای تڕاندووە
پشتی کردووە لەخاك و
هەنسکێك بێ گوڕك ناژێنێ
رووەمەتی منارکی گرینگ ناشواتەوە
بەو شێوەیە دەچم
لەخۆم دەرباز دەبم
لەتێدا دەبمە ئاسای سرەوتن
بەدەم شکانی خەمەوە
لەژانی دەروونتا یەك دەگرمەوەز.

ستار ئەحمەد